# دیموكراسی لەكوردستاندا هەیە؟



**گۆران فەتحی**

من لێرەدا نامەوێ زیادەڕەوانە باس لەپرس‌و چەمكی دیموكراسی بكەم لەكوردستانی عێراقدا، بەوەی بڵێم كوردستان هەر لەدوای راپەڕینەوە بووە بەبەهەشتی دیموكراسیەت‌و ئەوەی لێرە هەیە لەچەشنی وولاتە پێشكەوتووكانی ئەمریكاو ئەوروپایە..هەروەها نامەوێ بڵێم هیچ بوارێكی ئازادو دیموكراسیانە لەكوردستاندا نییە كە بێگومان ئەمیش ووتەیەكی راست نییە..هەروەها ناتوانین شێوازی دەسەڵات بەڕێوەبردنی ئیدارەی كوردی لەهەردوولای هەرێم بەشێوازی مامەڵەكردنی حزبی بەعس بشوبهێنین كە زۆر جیاوازە.... بەڵام؟

دوای راپەڕین‌و ئازادكردنی بەشێكی كوردستانی عێراق‌و دامەزراندنی پەرلەمانی كوردستان‌و پێكهێنانی حكومەتی هەرێم، وا تەسەور دەكرا كەشێكی خۆشگوزەرانی‌و ئازادی بهاتایەتە ئارا. بەڵام وا نەبوو هەرێمەكە تووشی قەیرانێكی ئابووری گەورە بوو ئەمەو چ جای ئەو شەڕە ناوخۆییەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بەرپایان كردوو زۆر رۆڵەی كورد بوونە قوربانی تێیداو دوای فشاری ئەمریكا رێككەوتنیان ئیمزا كردوو ئاشتیان راگەیاند بەو مەرجەی یەك بگرنەوەو تا ئێستاش ئەمڕۆ نا بەیانی یەك دەگرنەوە.

ئێمە جەخت  لەسەر ئەوە دەكەینەوە كە كەشێكی نیمچە ئازاد هاتە ئاراوە دوای ئاشتی‌و بووە هۆی پەیدابوونی چەندین چالاكی ئازادانەو هاتنە ئارای چەندین دامەزراوەی  راگەیاندنی ئازاد لەهەرێمەكەداو ئەمەو بوار رەخسا بۆ راوبۆچوونی ئازادانە بەشێوەیەكی وا كە زۆر نووسەر دەتوانن رەخنە لەحكومەت‌و دەسەڵاتدارانی هەرێم دەگرێت، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە بەتایبەت دوای پڕۆسەی ئازادكردنی عێراق‌و دوای روخانی رژێمی بەعس‌و دوای ئەوەی زۆر لایەن‌و وڵات چاوەروانی كوردیان دەكرد ئەزموونی دیموكراسی كوردستان لەهەموو عێراقدا بڵاوبكەنەوەو عێراقیەكان فێری ئەو چەمكە بكەن‌و دەریبخەن كە كورد دەتوانێت مۆدێرنانە بیر بكاتەوەو دیموكراسیانە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیانیدا بكات..پێچەوانەی ئەوە روویدا بەداخەوە ئەوەبوو لەجیاتی ئەوەی ئێمە روویەكی باش نیشانی هەم عەرەبی عێراق‌و هەم وڵاتانی چوار دەرورو جیهان نیشان دەین، حكومەت‌و دەسەڵات لەهەردوو ئیدارەی هەرێم لەسلێمانی‌و هەولێر كەوتنە وێزەی جەماوەرو لەچەندین رێپێوان‌و خۆپیشانداندا هێزیان بەكارهێنا بۆ بڵاوەپێكردنی هەر خۆپیشاندانێك كە لەماوەی دوای ئازادكردنی عێراقدا روویدا ئەمەش لەكەلارو كۆیەو هەروەها دوا جار لەهەڵەبجەی سونبولی نەهامەتی كورد پەیرەوكراو كە تێیدا حكومەت زۆر بەتوندی هێزی بەكارهێنا دژی خۆپیشاندەران.. كە نەدەكرا بەو شێوەیە حكومەت مامەڵەی بكردایە..لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی ئێمە چەندین ساڵە بانگەشەی دیموكراسی دەكەین‌و لەپرێكدا ئاوا پێشێلكاری دیموكراسی دەكەین‌و بەرامبەر بەبچوكترین شێوازو مافی رادەربڕین كە ئەویش خۆپیشاندانە..ئێمە لەگەڵ خۆپیشاندانی هێمنانەو مۆدێرنانەین‌و هەرگیز لەگەڵ ئاژاوەگێری‌و سوتاندنی موڵك‌و ماڵی حكومەتدا نین، بەڵام ئەوەش پاساو نییە بۆ بەكارهێنانی چەك‌و تەقەمەنی دژی هەر خۆپیشاندانێك‌و ئەمە كارێكی ترسناكەو زیانێكی گەورەشە بەپرسی دیموكراسی لەكوردستاندا.. لەوەش سەیرتر ئەوەیە كە حكومەت بەنیازە حوكمی لەسیدارەدان‌و هەتا هەتایی بەسەر هەندێ لەبەشداربووانی خۆپیشاندانەكەی هەڵەبجە ئەنجام

**بدات، ئەمەش ئەگەر راست بێت زیانێکی گەورەترە لەدیموکراسی لەهەرێمەکەدا دەدات.. حکومەت وا باس دەکات کە دەستێك هەبووە لەپشت خۆپیشاندانەکەوە کە رەنگە ئەمەش راست بێت بەڵام باشە بۆچی حکومەت بوار بەو دەستە دەدات بۆ تێکدانی باری هێمنی کوردستان یان هەڵەبجە ئایە نەدەکرا گوێ لەداواکاریەکانی خەڵکی ئەو شارەو هەروەها هاوڵاتیان بگیرایە ئەی باشە ئەگەر حکومەت داواکاریو داخوازی هاوڵاتیانی جێ بەجێ نەکات ئەی چۆن حکومەتی دەکاتو کاری هاوڵاتیانی بەڕێوە دەبات.**